# جێگیربوونی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی

## (لێکۆلینەوەیەك لە جوگرافیای پیشەسازی)

**فواد خالد سعيد**

بەشی زانستە کۆمەلایەتیەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** زانینی دەرئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی تایبەت بە جێگیربوون بۆ ئەوەیە کە بگەینەدەرئەنجامی ئەوەی کە بۆ ئەو جۆرە پیشەسازیە جێگیرەو بۆ ئەوی تر جێگیر نیە لە قەزایەك ، چونکە جێگیربوونی پیشەسازی بەتایبەتی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە شوێنێکدا هۆکارە گەلێکی سروشتی و مرۆیی لە پشتە هەر لەخۆە لەوشوێنە جێگیر نەبووە، کە دەبێت دەولەت کار لەسەر ئەم هۆکارانە بکات بۆ گەشەپێدانی هەر ناوچەیەك ، بۆ ئەوەی ئەم بارە لە پارێزگای سلێمانی بزانین توێژەر ئەم ناونیشانەی دانا و هەستا بە کۆکردنەوەی داتاکانی نێو دەزگاکانی حکومەت و پاشان بۆ کاری مەیدانی بەئامانجی دابەشبوونی پیشەسازیە خۆراکیە قەبارە مام ناوەندو گەورەکان و خستنەرووی جێگیربوون یاخود جێگیرنەبوونیان لە نیو یەکە کارگێریەکانی (قەزاکانی) پارێزگاکە و بەکارهێنانی کەرەستەکان بۆ دەرخستنی دەرئەنجامی سەلمێنراو، میتۆدی بەبەکارهێنراو لەم توێژینەوەدا میتۆدی وەسفی شیکاری یە پشت بەستن بە داتا کۆکراوەکان ، سنوری توێژنەوەکە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی بووە کە لە دوازدە قەزا پێك هاتووە و بابەتی توێژینەوەکە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکانە کە ژمارەیان (٦٥)پیشەسازیە، کە 32.30% ی پیشەسازی گەورەن ئەوی تر پیشەسازی مامناوەندن ، (٢٢١٧)دەستیکاری تێدا کاردەکەن کە٥٨،٧٣%ی ئەمە لەقەزای سەنتەرە، کۆی سەرمایەی وەبەرهێنی ئەم پیشەسازیانە زیاترە لە ٢٢٧،٥ ملیۆن دینار رۆژانە، کۆی ئەم پیشەسازیانە ١٦ جۆر پیشەسازین کە زۆرترین پیشەسازیان وەك ژمارە هارینی دانەوێلەیە(بە ١١ پیشەسازی) ، زۆرترین دەستیکار لەم جۆرانە لە پیشەسازی خوادنەوە و ئاوی کانزاییدایە بەرێژەی ٢٢،٨٨% ی کۆی جۆرەکانی پیشەسازی ، بەبەکارهێنانی پێوەیە چەندیەتیەکان هاوکێشەی جێگیربوون بۆ دەرخستنی جێگیربوونی پیشەسازی (بەبەکارهێنانی ژمارەی دەستیکار لە پیشەسازیەکاندا) لە قەزاکاندا ، دەرکەوت لە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکاندا(کە تەنها لە حەوت قەزا پیشەسازی هەبووە) تەنها قەزاکانی(ڕانیە، دووکان، ماوەت، سیدصادق، شارەزوور) پیشەسازی مامناوەند جێگیرە بەرێژەیەکی بەرز ، ئەوانی تر جێگیر نیە تیایندا ، لەپیشەسازیە گەورەکاندا(کەتەنها لە شەش قەزا پیشەسازی هەبووە) هەریەکە لە قەزاکانی سەنتەر، دووکان ، ماوەت ، دەربەندیخان ، جێگیرە بەرێژەیەکی بەرز ئەوانی تر لێی جێگیر نیە، هۆکارەگەلێك لەپشت ئەم دەرئەنجامانەوەن بۆ جێگیربوونی پیشەسازیەکان دەکرێ بپرسین بۆ ئەم پیشەسازیانە لەناو جۆرەکانی تری پیشەسازی زۆرترین کرێکاری لە خۆ گرتووە ، هۆکارەکەی چیە کە دەکرێت کارگێری حکومەت و ئیدارە خۆجێیەکانی ئەو ناوچانە کار لەسەر ئەم دەرئەنجامانە بکەن کە بۆ لە هەندێك قەزا ئەم پیشەسازیە جێگیرە لە هەندێکی دی جێگیر نیە گرنگی پێبدەن و پلانی داهاتوویان لەسەر ئەمەبێت.

**کلیلە ووشەکان** - پیشەسازی، پیشەسازیە خۆراکیە، جێگیربوونی پیشەسازی، پارێزگای سلێمانی.

## پێشەکی

پیشەسازی(الصناعة ،Industry) بە کردارێکی ئابوریە گرنگ دادەنرێت کە دەتوانێت شار و هەرێم و وڵات خزمەت بکات چونکە بنچینەی پێویستیەکانی پێشکەوتن و هەستانەوەی کرمەلگەو دەوڵەتی پێیە ، جۆراو جۆر بوونی ئەوەندەی تر بوونی جۆرەها کۆمەڵگەی پیشەسازی لەوڵأتدا پێوست کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە کەرەستەیەك لە کەرەستەکان دەگۆریت لە بارە بنچینەیەکەی خۆیەوە بۆ بارێکی تر کە سوودی زیاترە یاخود پێداویستی و ئارەزووەکانی مرۆڤی پێ پڕ دەبێتەوە( محمد شكر محمود , ٢٠١٠ ، ص١).

پیشەسازیە خۆراکیەکان(الصناعات الغذائية،food industries) لە پیشەسازیە گۆرینیەکانن کە هەلدەستن بە گۆرینی کەرەستەی خاو ئاژەلی یان گشتوکاڵی -خاو ، نیمچە دروستکراو ، تەواو دروستکراو) لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر بۆ زیاتر سودی مرۆڤ یاخود نەفەوتانی بەرهەمەکە(حاجم و منشيد ، ٢٠١٥ ، ص ٥٠٦) مانەوەی بۆ ماوەسیەکی درێژتر لە توانای بەرهەمەکە ، ئەو هەموو گۆرانکاریە زۆرەی کە ڕووی داوە لەبواری تەکنۆلۆجیای بەرهەمێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی کاری زۆر

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 2(2025) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n2y2025.pp43-53
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 13 تشرين الأول 2024؛ قُبل في 17 تشرين الثاني 2024؛ نُشرت في 21 نيسان 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: fuad.said@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 فواد خالد سعيد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

کردۆتە سەر زۆری و خێرایی بەرهەمهێنانی بەرپوومە کشتوکالیەکان(ئاژەلی و کشتوکاڵی) هۆکارە گەلێکی گواستنەوەی خێرا و باش کە ناهێڵێت بقەوتێن یارمەتیدەرن، ڕەنگدانەوەی ئەم تەکنۆلۆجیایە لە بەرهەمێنانی پیشەسازیدا ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی فرەجۆری خستنەڕووی هەمان کەرەستەی خاو بەچەندین شێوە بێتە کایەوە لەپاڵ هاتنەکایەوەی هۆکارە گەلێکی کیمیایی پاراستنی بەرهەمە پیشەسازیەکان بۆ ماوەیەگی دروردرێژ ، دەبینین کە بۆ دروترین شوێن دەگوازرێتەوە و نافەوتێت ، نزیك بوونەوەی بازاڕەکانیش بەهۆکاری ئەو گەشەی تەکنۆلۆجیە یارمەیتدەرێکی ترە.

هەموو ئەمانەی باسکران نەبوونەتەوە هۆی ئەوەی کێ بڕکێی بەرهەمە پیشەسازیەکان کەم یکاتەوە لەبەر ئەوەی سروشتی کەرەستە خاوەکە و ڕێگەی بەرهەمهێنان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە هەر لەبەر ئەوەمەیە نوسین و توێژینەوە لەسەر ئەم بەسە لە بەشی جوگرافیا زەرورەتێکی کارکێری پلاندانەری و گەشەپێدانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بەبەردەوامی بەرهەمەکەت وەك سروشتی خۆی و ریگەی بەرهەمێنانەکەی بتوانێ لە کێبڕکێ بەردەوام بێت ، هەر لەبەر ئەم مەبەستەیە توێژەر پێی باش بوو شیکارێك بکات بۆ ئێستەی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان و جێگیربوون یان جێگیر نەبوونیان لەیەکە کارگێڕیەکانی پارێزگای سلێمانی لەکاتێکدا هەموو ئەو یەکە کاگێڕیانە بەرهەمی کشتوکاڵی یان هەیە بەڵام دەبینین کە ئەو بەرهەمە بەکارناهێنرێت بۆ بواری بەرهەمێنانی لە پیشەسازیەکاندا..

## یەکەم : کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ئایا پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان لە نیو قەزاکانی پاڕێزگای سلێمانیدا جێگیرن یان نا ، بۆ ئەوەی کار لەسەر ئەمە بکرێت و هۆکاری جێگیربوون یا جێگیرنەبوون بکرێت بۆ پلان و ڕێکخستنی لە داهاتوو دا.

## دووەم : گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەم چەند خالەدا دەخەینەڕوو:

١-چالاکی پیشەسازی دادەنرێت بە یەکێك لە گرنگترین چالاکیە ئابووریە سەرەکیەکان کە وڵات و هەرێم پشتی پێدەبەستن بۆ سەرپێخستنی ئابووری لۆکالی و هەرێمی و گەشەکردنی کەرتە خزمەتگوزاریەکانیان ، ئەوەش بەهۆی ئەو توانا لەرادەبەردرانەی کە ئەم کەرتە هەیەتی بۆ گەشەپێدانی لایەنە ئابوری و کۆمەلایەتی و ئاوەدانی ، هەرێکێك کە چالاکی پیشەسازی پێشکەوتووی هەبێت ئەوە توانای هەیە کە پێداویستیە سەرەکیەکان دابین بکات بۆ بوژانەوە و گەشەپێدانی لایەنە کۆمەلایەتی و رۆشنبیریەکان.(اسماعیل و سعید ٢٠١٤ ، ص٢٨)

٢- پیشەسازی قەبارە بچووك لە تێرکردنی خواستی کریار یان بەکاربەری ناوچەیی دەستێکی بالایان هەیە ، بەڵام پیشەسازی مام ناوەند و گەورە لەپال ئەم تێرکردنی خواستی کریار یان بەکاربەری ناوچەکە دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ناوچەکە، چونکە لە دەستێکی باڵای هەیە لەنەهێشتنی بێکاری و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکی ناوچەکە و پرکردنەوەی بازار لە کەرەستە سەرەکیە بەرهەمهێنەکان.

٣-هۆکارێکی کاریگەرە لەنزیککردنەوەی ئابووری وڕامیاری لەگەل ناوچە ودەولەتانی تر ، ئەم رۆڵە بەردەوام دەبێت بەبەردەوامی پلانی گەشەپێیدان و گەشەپێدانی بەردەوام، بەمەش (الوفورات الاقتصادیە) دێنێتە بوون کە بریتیەلە ڕاکێشانی چەندین چالاکی تر بۆ ناوچەکە کە کەرتەکانی تری دەولەت پێی گەشە دەکات.

٤-ناوچەی لێکۆڵینەوە لەبەر ئەوەی لە ڕووی مرۆییەوە سیفەت گەلێکی باشی هەیە بۆ جێگیربوونی پیشەسازی خۆراکی وەك شوێن کە سنوری هەیە لەگەل کۆماری ئیسلامی ئێران(چەندین مەرزی هاوردەکردنی و ناردنی کالای هەیە) و دەستی کار و بازاری فراوان و ....هتد، لەڕووی سروشتی دەشت گەلێکی فراوانی کشتوکڵی (شارەزوور ، سلێمانی ، بیتوێن) و ئاووهەوایەك پارمەتیدەر بۆ بەرهەمهێنانی جۆرەها کشتوکاڵ و...... هتد سیفەتی تری سروشتی، پێویستە زۆربەی جۆر لەپیشەسازیە خۆراکیە جێگیر بێت لە یەکە یەکەی قەزاکانیدا ئەگەر نا ئەوا توێژینەوەکانی داهاتوو بکرێت لەسەر هۆکارەکانی جێگیرنەبوونی پیشەسازی لە جۆر و لە ناوچەکان بە پێی ئێستای لایەنە سروشتی و مرۆیەکانی ئەو قەزایانە.

## سێەم : گریمانەی توێژینەوەکە:

خۆی لەم چەند خاڵە دا دەبینێتەوە :

جیاوازی شوێنی هەیە لە دابەشبوونی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە نێو قەزاکانی پارێزگاکەدا .

بەبەکارهێنانی هاوکێشەی جێگیربوون دەردەرکەوێت کە زۆربەی قەزاکانی پارێزگاکە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان تیایاندا جێگیربوون بەریژەیەکی بەرز.

## چوارەم : ئامانجی توێینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیەلە شیکاری دابەشبوونی پیشەسازیە خۆراکیە قەبارە مام ناوەندو گەورەکان و خستنەرووی جێگیربوون یاخود جێگیرنەبوونیان لە نیو یەکە کارگێریەکانی(قەزاکانی) پارێزگاکە، دانانی ئەم ئامانجە لەبەر ئەوە بوو کەجێگیربوونی پیشەسازی لەناوچەیەك هەرلەخۆوە نیە بەڵکو هۆکار گەلێکی سروشتی و مرۆیی لە پیشتەوەیە کە دەبێت دەوڵەت گرنگی بەو هۆکارانە بدات بۆ ئەوەی پیشەسازیەکە گەشەی زیاتر بکات و پێوستی زیاتری دەولەت پر بکاتەوە لەو بەرهەمە و هاودەش بکرێت.

## پێنجەم : سنوری توێژینەوەکە:

### سنوری شوێنی:

پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان، لە خۆرهەڵاتەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە و باشوری خۆرهەلات پارێزگای هەلەبجە و لە باکور و باکوری خۆرئاوای پارێزگای هەولێرە و لەلای خۆرئاواو و باشوری خۆرئاوا پارێزگای کەرکوك و دیالە یە، بروانە نەخشەی(١) ئەم پارێزگایە لە دوازدە قەزا پێکهاتووە( ئەوانیش: قەزای ناوەندی سلێمانی، دووکان، ڕانیە، پشدەر، ماوەت، شاربازێڕ، دەربەندیخان، قەرەداغ، شارەزور، سیدصادق، پێنجوێن ، بازیان)و کەوتۆتە نێوان دوو بازنەی پانی٤٥ ، ٥٤، ٣٤ و ١٥، ٣١، ٣٦ ، دوو هێلی درێژی٠٠ ٢٧ ٤٤ بۆ١٥ ١٧ ٤٦ بروانە نەخشەی(٢) .

### سنوری کاتی:

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی دا داتای مانگی ١ / ٢٠٢٤ کە لە بەریوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی و کاری مەیدانی توێژەر ریکخراوە.




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەرنامەی ARC GIS10.8 پشت بەست بە نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، پارێزگای سلێمانی نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی٢٠٢٤ هۆبەی هونەری.

**شەشەم : میتۆدی بەکارهێنراو :**

هەر توێژینەوەیەك میتۆدێکی تایبەت بە بابەت و ڕێکاری توێژینەوەیەکەی بەکاردێنێت ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەبەکارهێنانی داتاکانی حکومەت و کارە مەیدانیەکان ، بۆ بۆ ئەوەی بگەینە شیکارێکی سەلمێنراوتر هاوکێشە ئاماریەکانمان بەکارهێناوە.

**حەوتەم:شێوازە تەکنۆلۆجیە بەکارهاتووەن لە نوسینی ئەم توێژینەوەیە :**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە بۆ دەرخستنی تەواوی واقعی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە پارێزگاکە و جێگیربونیان، هەندێ شێوازی تەکنۆلۆجی یارمەتیدەری باشتر گەیاندنی توێژینەوەکە بووە لەوانە سستمی زانیارییە جوگرافیەکان GIS بۆ خستنەڕووی نەخشەی شوێنی ناوچەی لێکۆلینەوە و بەکارهێنانی چەند شێوازێکی چەندیەتی.




سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەرنامەی ARC GIS10.8 پشت بەست بە نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، پارێزگای سلێمانی نەخشەی کارگێری پارێزگای سلێمانی٢٠٢٤ هۆبەی هونەری.

## تەوەری یەکەم
## دابەشبوونی شوێنی بۆ پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی

پیشەسازیە خۆراکیەکان لە زۆرترین پیشەسازیە بەکاربەرەکانی ڕۆژانە و پێویستیەکی سەرەکیە کە کاریگەرە لەسەر بازار و دەستی کاری دانیشتوان لە هەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی ولاتدا جێگیر بێت، پێش ئەوەی دابەش بوونی جوگرافیی بکەین بۆ پێویستە پشت بە پۆلێن کردنی پیشەسازیەکان ببەستین بەگوێرەی قەبارە کە کاری توێژینەوەکەمانە، لە ئەنجامی وردبونەوەی توێژەر تاوەکو ئێستا لێکۆڵەرەوانی بوارەکانی جوگرافیا و ئابووری و پیشەسازی ڕێکنەکەوتوون لەسەر پێوەرێکی دیاریکراو بۆ ئەم پۆلێن کردنە، بەڵکو لەسەر چەند بنەمایەک هەڵدەستن بەدیاریکردنی یاخود پۆلێنکردنی کارگە پیشەسازییەکان لەوانە: ژمارەی دەستیکار (کرێکار) سەرمایە ،کارمەند ، جۆری ئامێر ژمارەی بەشەکانی بەرهەم هێنان لەناو کارگەدا.

لەم توێژینەوەیەماندا بۆ پۆلێنکردنی پیشەسازی بە گوێرەی قەبارە پشت بە ژمارەی کرێکار دەبەستین کە بەلای ڕێکخراوی بانکی نێو دەوڵەتیەوە بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە پیشەسازی قەبارە بچووک : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە کەمتر لە (٥٠)کرێکار کاری تێدا دەکات ، بەڵام پیشەسازی قەبارە مامناوەند لە(٥٠-300) کرێکار کاری تێدا دەکات ، و لەپیشەسازی گەورە ئەو پیشەسازیانەیە کە 300 کرێکار زیاتر کاری تێدا دەکات( رجب ، 2022 ، ص331).

لە نێو وڵاتاندا لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر جیاوازە، لەوڵاتی عێراقدا لەزۆربەی لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای پیشەسازی پشت دەبەسترێت بەپۆلینی دەزگاکانی پیشەسازی عێراق کەلە ساڵی١٩٨٣ بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی کە لەدەزگاکانی ناوەندی ئامار بلاو کراوەتەوە کە تیایدا دەڵێت:

أ-پیشەسازی قەبارە بچووک : ئەو پیشەسازییانەیە کە دەستیکار لەنێوان (١-١٠) دایە.

ب- پیشەسازی قەبارە مامناوەند : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە دەستیکاری لەنێوان (١١-٢٩) دایە.

ج- پیشەسازی قەبارە گەورە : ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە ژمارەی دەستی کاریان لەجۆرەکانی پێشوو تری زیاترە لە (٣٠) کارمەند و زیاتر(الألوسي، ٢٠٢٢.، ص ١٦)

ئێمەش بۆ دیاریکردنی قەبارەی پیشەسازی خۆراکی ناوچەی لێکۆڵینەوە پشت بەستین بە هەمان پۆلێنکاری کەلە وولاتی عێراقدا بەکار دێت کە بەکارهێنانی ژمارەی دەستیکارە چونکە :-

١-ئاسانکارە بۆ کرداری بەراودکاری لەنێوان کەرتەکانی پیشەسازی و دیاریکردنی، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە تایبەتمەندیە جوگرافیەکانەوە.

٢-پێوەرێکی جێگیر و نەگۆرە لەزۆربەی دۆخەکاندا .

٣-کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ بەکارهێنانی ئەم پێوەر ئاسانترە بە بەراورد بە سەرمایە (معروف و ايهاب مقابله، ، ٢٠٠٦، ص ٤)

کەواتە لێکۆلینەوەکەمان ئەو پیشەسازیە خۆراکیانە دەگرێتەوە کە ١١کرێکار و زیاتریان هەیە.

بۆ زانینی پیشەسازیە خۆراکیە قەبارە مامناوەندەکان و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی پشت بەست بەداتاکانی دەزگا پەیوەندیدارەکان و کاری مەیدانی توێژەر خشتەی (١) ڕێکخراوە بۆ ژمارەی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان.

**خشتەی(١)**

**دابەش بوونی جوگرافی ژمارەیی بۆ پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورە لە پارێزگای سلێمانی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤**

| ژ | شوێن | ژمارەی پیشەسازی مامناوەند | % | ژمارەی پیشەسازی گەورە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەری پارێزگا | ٢٥ | ٥٦. ٨١ | ١٢ | ١٥,٥٧ | ٣٧ | ٥٦. ٩٢ |
| ٢ | بازیان | ٥ | ١١. ٣٦ | ٥ | ٨١,٢٣ | ١٠ | ١٥. ٣٩ |
| ٣ | رانیە | ٩ | ٢٠. ٤٥ | ١ | ٧٦,٤ | ١٠ | ١٥. ٣٩ |
| ٤ | دوکان | ٢ | ٤. ٥٤ | ١ | ٧٦,٤ | ٣ | ٤. ٦١ |
| ٥ | ماوەت | ١ | ٢. ٢٨ | ١ | ٧٦,٤ | ٢ | ٣. ٠٧ |
| ٦ | دەربەندیخان | ٠ | ٠ | ١ | ٧٦,٤ | ١ | ١. ٥٤ |
| ٧ | سیدصادق | ١ | ٢. ٢٨ | ٠ | ٠ | ١ | ١. ٥٤ |
| ٨ | شارەزوور | ١ | ٢. ٢٨ | ٠ | ٠ | ١ | ١. ٥٤ |
| کۆی گشتی | | ٤٤ | ١٠٠ | ٢١ | ١٠٠ | ٦٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست داتاکانی بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی ئاماری کاتونی دووەمی ٢٠٢٤ و یەکێتی پیشەیازیەکانی کوردستان لقی سلێمانی،داتای ئاماری پیشەسازیەکان 2024. کاری مەیدانی توێژەر لە ٢٠٢٤/٣/١٠ – ٢٥-٦- ٢٠٢٤.

لە خشتەی (١) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆی پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان (٦٥) پیشەسازیی خۆراکیە لە پارێزگاکە، تەنها ڕێژەی ٣٠ .٣٢%ی ئەم ژمارەیە پیشەسازیە گەورەیە بە (٢١) پیشەسازی خۆراکی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان زۆرینەی پیشەسازیەکانن لەم پارێزگایە-جگەلە پیشەسازیە خۆراکیە بچووکەکان-، هەرچی دابەش بوونی ئەم ژمارانەیە لە نێو قەزاکانی پارێزگاکە ڕێژەی(٩٢ .٥٦%)ی پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەکان و گەورەکان لە سەنتەری پارێزگایە (بە ٣٧ پیشەسازی خۆراکی)، پاش ئەو قەزای بازیان و ڕانیە دێت بە ڕێژەی (٣٩ .١٥%) و بە ١٠ پیشەسازی خۆراکی، هەرچی قەزای دووکان بە ٣ پیشەسازی خۆراکی ڕێژەی ٦١ .٤% ی پیشەسازیە خۆراکیەکان و قەزای ماوەت بە (٠٧,٣%)پلەیی چوارەمە، کەمترین پیشەسازی خۆراکی مامناوەند و گەورە لە قەزاکانی (دەربەندیخان، سیدصادق، شارەزوور)ە کە تەنها یەك پیشەسازی خۆراکی لێیە بە ڕێژەی54 .١% بۆ هەر قەزایەك، قەزاکانی تر کەژمارەیان چوار قەزایە (پشدەر، پێنجوێن، شارباژێر، قەرەداغ)هیچ پیشەسازیەکی خۆراکی لێ نیە.

ئەگەر وردبینەوە لەپیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەندەکان دەبینین کە ژمارەیان ٤٤ پیشەسازیە زۆرترینی لە سەنتەری پارێزگاکەیە بە ڕێژەی(٨١ .٥٦%) بە (٢٥) پیشەسازی خۆراکی مامناوەند، پلەی دووەم قەزای ڕانیە دێت بە (٤٥ .٢٠%) ی کۆی گشتی پیشەسازیە خۆرامیە مامناوەندەکان، هەرچی قەزای بازیانە بەڕێژەی(٣٦ .١١%)ی پیشەسازیایە خۆراکیە مامناوەندەکان پلەی سێیەمی هەیە، قەزای دوکان بە(٥٤ .٤%) پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان و کەمترین ڕێژەش لە قەزاکانی سیدصادق و شارەزوور و ماوەت بە27 .٢% بۆ هەریەکەیان.

پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان ژمارەیان ٢١ پیشەسازیە زۆرترینی لە سەنتەری پارێزگاکەیە بە ڕێژەی٥٧،١٥% ی بە (١٢) پیشەسازی خۆراکی گەورە، بە پلەی دووەم قەزای بازیان دێت بە (٨١ .٢٣%) ی کۆی گشتی پیشەسازیە گەورەکان، هەرچی قەزاکانی رانیە ماوەت دووکان دەربەندیخان بە یەك پیشەسازیی گەورە ڕێژەی (٧٦ .٤%)ی پیشەسازیایە خۆراکیە گەورە بۆ هەر قەزایەك و قەزاکانی تر هیچ پیشەسازیەکی گەورەی لێنیە، نەخشەی(٣).

بۆ زیاتر خستنەرووی دابەشبوونی پیشەسازی خۆراکی مامناوەند و گەورە ژمارەیی دەستیکار بەسەر قەزاکانی پارێزگای سلێمانی لەم پیشەسازیانەدا لە خشتەی (٢) دا خستومانەتەروو ،کە زۆر گرنگە ئەم خشتەیە چونکە کاریگەری بوونی پیشەسازی لەناوچەیەك تەنها بەرهەم نیە بەڵکو بەهای ژمارەی دەستی کاریەتی کە کار دەکاتە سەر نەهێشتنی بێکاری بەرزکردنەوەی داهاتی تاکە کەس .

**خشتەی (٢)**

**دابەش بوونی ژمارەیی دەستیکار لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی لە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکاندا٢٠٢٤**

| ژ | شوێن | ژمارەی دەستیکار لەپیشەسازی مامناوەند | % | ژمارەی دەستیکارلە پیشەسازی گەورە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەری پارێزگا | ٤٢٤ | ٥٨. ٤٨ | ٨٧٨ | ٥٨,٨٥ | ١٣٠٢ | 58. 73 |
| ٢ | بازیان | ٧٩ | ١٠ . ٩ | ٤٢٥ | 28. 49 | ٥٠٤ | 22. 73 |
| ٣ | رانیە | ١٣٥ | ١٨. ٦٢ | ٣٢ | 2. 14 | ١٦٧ | 7. 53 |
| ٤ | دوکان | ٣٩ | ٥. ٣٨ | ٣٢ | 2. 14 | ٧١ | 3. 20 |
| ٥ | ماوەت | ٢٠ | ٢. ٧٦ | ٤٠ | 2. 68 | ٦٠ | 2. 71 |
| ٦ | دەربەندیخان | ٠ | | ٨٥ | 5. 70 | ٨٥ | 3. 84 |
| ٧ | سیدصادق | ١٤ | ١. ٩٣ | ٠ | ٠ | ١٤ | 0. 63 |
| ٨ | شارەزوور | ١٤ | ١. ٩٣ | ٠ | ٠ | ١٤ | 0. 63 |
| کۆی گشتی | | ٧٢٥ | ١٠٠ | ١٢٩٢ | ١٠٠ | ٢٢١٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست داتاکانی بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی ئاماری کاتونی دووەمی ٢٠٢٤ و یەکێتی پیشەیازیەکانی کوردستان لقی سلێمانی،داتای ئاماری پیشەسازیەکان٢٠٢٤، کاری مەیدانی توێژەر لە ٢٠٢٤/٣/١٠ – ٢٥-٦- ٢٠٢٤.

لە خشتەی (٢) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کۆی پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان (٢٢١٧) کرێکار کاری لێدەکەن لە پارێزگاکە، ڕێژەی73 .58% ی ئەم ژمارەیە لە سەنتەری پارێزگایە بە (1302) پیشەسازی خۆراکی ئە م پارێزگایە، پاش ئەو قەزای بازیان دێت بە ڕێژەی(73 .22%) پیشەسازی خۆراکیەکان، قەزای ڕانیە بە ڕێژەی 53 .7% ی پلەی سێیەمی وەرگرتوە و قەزاکانی دەربەندیخان ودووکان وماوەت دوابەدوای یەك ڕێژەی84 .3% و٢٠ .٣% و ٧١ .٢% و قەزاکانی سیدصادق و شارەزوور بەڕێژەی٦٣ .٠% بۆ هەریەکەیان.

بە وردبونەوە لەپیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەندەکان لە هەمان خشتە دەبینین کە ژمارەی دەستیکار تیایاندا ٧٢٥ کە زۆرترین دەستیکار لە سەنتەری پارێزگاکەیە بە ڕێژەی٤٨ .٥٨% بەپلەی دووەم قەزای ڕانیە دێت بە (٦٢ .١٨%) ی کۆی گشتی دەستیکاری پیشەسازیە مامناوەندەکان، هەرچی قەزای بازیانە بەڕێژەی(٩ .١٠%)ی دەستیکاری تێدایە ئەمەش وایکردووە پلەی سێیەم وەربگرێت، قەزاکانی دوکان و ماوەت بە(٣٨ .٥%) و (٥٨ .٢%) پلەی چوارەم و پێنجەمیان وەرگرتووە کەمترین ڕێژە لە قەزای سیدصادق و شارەزوور بە٩٣ .١% وەك یەکن.

دەستیکار لە پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان کە ١٤٩٢ یە بەڕێژە٦٧،٣٠% کۆی دەستیکاری پیشەسازیە خۆراکیەکانە کە لە نێو قەزاکاندا بەم شێوەیە دابەشبووە، سەنتەری پارێزگا کە زۆرترینە بە ڕێژەی٥٨،٨٥% ، بە پلەی دووەم قەزای بازیان

دێت بە (٢٨،٤٩%) ی کۆی گشتی پیشەسازیە گەورەکان، قەزای دەربەندیخان بەرێژەی٥،٧٠% و قەزای ماوەت ٢،٦٨% و قەزاکانی ڕانیە و دووکان بەرێژەی٢،١٤% بۆ هەریەکەیان و پیشەسازی گەورە لە قەزاکانی سید صادق و شارەزوور پیشەسازی خۆراکی گەورە یان لێ نیە وەك لە خشتەی (١) خرایەروو، نەخشەی (٤).

بۆ زانینی سەرمایەی وەبەرهێن کە کاریگەرە لەسەر ئابووری ناوچەکە و زیادبوونی جوڵەی دراو لە بازارەکاندا خشتەی(٣) مان خستۆتەروو.

**خشتەی(٣)**

**دابەش بوونی جوگرافی سەرمایە(بە ملیۆن)ی وەبەرهێن بۆ پیشەسازیە خۆراکیی مامناوەند و گەورە لە پارێزگای سلێمانی ٢٠٢٤**

| ژ | شوێن | سەرمایە پیشەسازی مامناوەند | % | سەرمایە پیشەسازی گەورە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەری پارێزگا | ١٧٠٦١٢٤٣ | ٦٣. ١٨ | ٤٨٨٥٢٧٤٦ | ٢٤. ٣٣ | ٦٥٩١٣٩٨٩ | ٢٨. ٩٣ |
| ٢ | بازیان | ٢٧٦٩٧٠٠ | ١٠. ٢٦ | ١٤٩٤٦٢٨٠٠ | ٧٤. ٤٤ | ١٥٢٢٣٢٥٠٠ | ٦٦. ٨٣ |
| ٣ | رانیە | ٥٠٤٠٦٦٦ | ١٨. ٦٧ | ٤٠٦٠٠٠ | ٢,٠ | ٥٤٤٦٦٦٦ | ٢. ٣٩ |
| ٤ | دوکان | ٤٦٢٢٤٤ | ١. ٧١ | ٦٢٤٠٠٠ | ٠. ٣١ | ١٠٨٦٢٤٤ | ٠. ٤٨ |
| ٥ | ماوەت | ٨٢٢٠٠٠ | ٣. ٠٤ | ٤٦٠٠٠٠ | ٠. ٢٣ | ١٢٨٢٠٠٠ | ٠. ٥٦ |
| ٦ | دەربەندیخان | ٠ | ٠ | ٩٧٨٠٠٠ | ٠. ٤٩ | ٩٧٨٠٠٠ | ٠. ٤٣ |
| ٧ | سیدصادق | ٢٨١٨٧٦ | ١. ٠٤ | ٠ | ٠ | ٢٨١٨٧٦ | ٠. ١٣ |
| ٨ | شارەزوور | ٥٦٥٠٠٠ | ٢. ١٠ | ٠ | ٠ | ٥٦٥٠٠٠ | ٠. ٢٥ |
| کۆی گشتی | | ٢٧٠٠٢٧٢٩ | ١٠٠ | ٢٠٠٧٨٣٥٤٦ | ١٠٠ | ٢٢٧٧٨٦٢٧٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست داتاکانی بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی ئاماری کاتونی دووەمی ٢٠٢٤ و یەکیەتی پیشەیازیەکانی کوردستان لقی سلێمانی،داتای ئاماری پیشەسازیەکان 2024. کاری مەیدانی توێژەر لە ٢٠٢٤/٣/١٠ – ٢٥-٦-٢٠٢٤

لە خشتەی (٣) بۆمان روون دەبێتەوە کە کۆی سەرمایەی وەبەرهێن لە پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان (٢٢٧٧٨٦٢٧٥) ملیۆن دیناری عێراقیە لە پارێزگاکە، ریژەی(٦٦.٨٣ %) ی ئەم ژمارەیە لە قەزای بازیانە ئەمەش لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری پیشەسازی گەورە ی تێدایە، پاش ئەو قەزای سەنتەری پارێزگا دێت بە ریژەی (٩٣,٢٨%)ی سەمایەی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندو گەورەکانی پارێزگاکە، قەزای ڕانیە پلەی سێیەمی وەرگرتووە بەرێژەی (٣٩ .٢%) سەرمایەی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندو گەورەکانی پارێزگاکە، و قەزاکانی تر ریژەیەکی کەمتر لە یەکیان هەیە ، کەمترین ڕێژە لە قەزای سیدصادقە(١٣%.٠)سەمایەی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندو گەورەکانی پارێزگاکە.

بە وردبونەوە لەسەرمایەی پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەندەکان لە هەمان خشتە دەبینین کە ژمارەی کە جیاوازی هەیە لە سەرمایەی وەبەرهێنی کۆی گشتی پیشاسازیەکان،کۆی گشتی سەرمایەکەیان

**نەخشەی (٤)**

**دابەش بوونی جوگرافی ژمارەیی بۆ پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورە لە پارێزگای سلێمانی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤**




سەرچاوە :کاری توێژەر بەبەرنامەی ARC GIS10.8 و نەخشەی بنچینەی پارێزگاری سلێمانی ٢٠٢٤ ، داتاکانی خشتەی (٢)

(٢٧٠٠٢٧٢٩) ملیۆن دیناری عێراقیە، زۆرترین رێژە لەسەنتەری پارێزگاکەیە(١٨ .٦٣%)ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، بەپلەی دووەم قەزای ڕانیە دێت بە (٦٧ .١٨%)ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، هەرچی قەزای بازیانە بەرێژەی(٢٦ .١٠%) و قەزای ماوەت و شارەزوور دوای ئەوان بەرێژەی ٠٤ .٣% و ١٠ .٢% دوا بەدوای یەك و قەزاکانی دوکان و سیدصادق بەرێژەی ٧١,١% و ٠٤ .١% دوا بەدوای یەك و لە قەزای دەربەندیخان هیچ پیشەسازیەکی خۆراکی مامناوەندی تێدا نیە.

**نەخشەی(٥)**

**دابەش بوونی جوگرافی دەستیکار لە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی**




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەبەرنامەی ARC GIS10.8 و نەخشەی بنچینەی پارێزگاری سلێمانی**
٢٠٢٤ ، داتاکانی خشتەی (٣)

ئەگەر ووردبینەوە لەسەرمایەی پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان لەهەمان خشتە دەبینین کە ژمارەی کە جیاوازی هەیە لە سەرمایەی وەبەرهێنی پیشاسازیە مامناوەندەکان کە کۆی گشتی سەرمایەکەیان(٢٠٠٧٨٣٥٤٦)ملیۆن دیناری عێراقیە، کەرێژەی(88.11%)ی کۆی گشتی سەرمایەی هەردوو قەبارە پیشەسازیەکەیە(واتە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان تەنها (٨٦ .١١%ی سەرمایەی وەبەرهێنی هەیە) زۆرترین ڕێژەی سەرمایەی وەبەرهێنی پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان لەقەزای بازیانە بەرێژەی(٤٤ .٧٤%)، بەپلەی دووەم سەنتەری پارێزگا دێت بەرێژەی(٣٣ .٢٤%)ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنی پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان، هەرچی قەزاکانی ترە ئەوا ڕێژەیان کەمترە لە ٥ .٠% و هەردوو قەزای سید صادق و شارەزووریش هیچ جۆرە پیشەسازی گەورەیان تێدا دانەمەزراوە.

## تەوەری دووەم :

## پێکهاتەی جۆری بۆ پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی.

بۆ خستنەرووی دابەشبوونی جۆری بۆ پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی پێویستە پیشەسازیە خۆراکیەکان پۆلین بکەین کە پۆلینی پیشەسازیەکان (Industrial classification): بریتیە لە کۆکردنەوەی پیشەسازییە هاوشێوەکان لە یەک کەرتدا یان بەستنەوەیان بەیەک کەرتی پیشەسازیەوە بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان لەسەر پیشەسازی و جۆر و ژمارەی کرێکار و بڕ و ئاستی بەرهەم، چونکە پۆلێنکاری پیشەسازی دەبێتە هۆی دارشتنی پلانی پیشەسازی و پەرەپێدانی ئابوری وڵات (الوتبان، ٢٠١٠، ص١٤).

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پشتی بە پۆلێنی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابوریەکان (ISIC) بەستووە، هەرچەندە پۆلێنی تر هەیە و هەروڵاتێکیش بۆ خۆی پۆلینی بۆ پیشەسازیەکان کردووە (بە نمونە پۆلێنی ئەنجومەنی هاوکاری ئابوری، پۆلێنکاری ئەڵمانی، پۆلێنکاری ئەمریکی، کەلەسەر بنەمای بەرهەمهێنان یان جۆری کەرەستەی خاوی بەکارهاتوو یان بەپێی بنەمای تایبەتمەندیە گشتیەکان یاخود گرنگی لە دەولەتدا دانراون (رشید، 2014، ل 25-.32).

لەم پۆلێنەدا پیشەسازیە گۆڕینیەکان ( الصناعات التحويلية) بەشی 3 یە لە پۆلێنەکە و بە پیشەسازی خۆراکی دەست پێدەکان کەلە بابی ٣١ دایە( ئەم -باب- دەبێتە پێنج بەشەوە و ئەو پێنج بەشە دەبێتە(١٤)لقی پیشەسازیەوە کە ئێمە تەنها لقی-سەربرینخانەو ئامادەکردنی گۆشت- مان وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوەی وەك پیشەسازی لەناو هەرێمی کوردستاندا ریکنەخراوە سەبرینخانەیەکی فراوان لەناو هەموو شار و شارۆچکەکاندا هەیە و لەدەرەوەی ئەو سەربرینخانانە ژمارەیەکی زۆر ئاژەل سەردەبردرێن، تەواوی لقەکانی پیشەسازی خۆراکی مامناوەند و گەورە لە پارێزگای سلێمانی ١٦ جۆرە لەخشتەی (٤) دا خراوەتەروو.

لە خشتەی(٤ )بۆمان روون دەبێتەوە کەسەنگی جۆرەکانی پیشەسازی وەك یەك نیە لەکۆی جۆرەکانی پیشەسازی خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان، ئەگەر ورد بینەوە لەکۆی پیشەسازی مامناوەند و گەورەکان دەبینین کە یەکەم جۆر هارینی دانەوێلەیە کە ڕێژەی ٩٢ .١٦% ی کۆی جۆری پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکانی گرتووە بە ١١ پیشەسازی خۆراکی، دوای ئەو جۆری پیشەسازی خۆراکی ئاوی کانزایی بە بەرێژەی ٣٨ .١٥% ی کۆی جۆری پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکانبە ١٠ پیشەسازی خۆراکی ، بە پلە سێیەم بەرهەمهێنانی جبس دێت بە ڕێژەی ٨٤ .١٣% ی کۆی جۆری پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان بە ٩ پیشەسازی خۆراکی، بە پلەی چوار هەرسێ جۆری پیشەسازی بەرهەمهێنانی شیر، تێکەڵکردن و دروستکردنی خواردنەوە کحولیەکان، جگەرە بەرێژەی ٦٩ .٧% بە ٥ پیشەسازی خۆراکی بۆ هەریەکەیان، پلە پێنج بەرهەمهێنانی خواردنەوە فرێشەکانە(شەربەت) ، خۆراکی ئاژەل(ئالیك) بەرێژەی ١٥ .٦% بە ٤ پیشەسازی بۆ هەریەکەیان و جۆرەکانی تریش زیاترن لە سەدا یەك و کۆتا ڕێژەش بۆ پیشەسازی رۆنی ئاژەلی گیایی ، پێچانەوەی میوە و سەوزە ، پاراستنی خۆراك ، بەرهەمهێنانی شعریە ، ساردەمەنی کە ٥٤ .١% بە یەك پیشەسازی خۆراکی بۆ هەریەکەیان.

ئەم ڕێژەیە جیاوازە لەنێوان پیشەسازیە مامناوەندو گەورەکان ، لە پیشەسازیە مامناوەندەکاندا بەرزترین ڕێژە بۆ جۆری پیشەسازی خۆراکی هارینی دانەوێلەیە کە بە٧٣ .٢٢% ی کۆی جۆری پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، دوای ئەو جۆری پیشەسازی خۆراکی بەرهەمهێنانی جبس بە بەرێژەی٩١ .١٥% ی کۆی جۆری پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، بە پلە سێیەم بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی بە ڕێژەی ٦٤ .١٣% ی کۆی جۆری پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، بە پلەی چوار پیشەسازی بەرهەمهێنانی خۆراکی ئاژەل(ئالیك)بەرێژەی ١٠ .٩% و پلەی پێنجەم هەردوو جۆری پیشەسازی بەرهەمهێنانی شیر، بەرهەمهێنانی خواردنەوە فرێشەکانە(شەربەت) بەرێژەی ٨٢ .٦% بۆ هەریەکەیان و پلە شەشەم تێکەڵکردن و

دروستكردنی خواردنەوە كحولیەكان ، جگەرە ، بەرهەم هێنان و پێچانەوەی خۆێ بەرێژەی ٥٤ .٤% بۆ هەریەكەیان و جۆرەكانی تریش كەمترین رێژەن(٢٧ .٢%) كەپیشەسازیە خۆراكیەكانی شەكر و چاككردنی شەكر ، رۆنی ئاژەلی و گیایی ، پێچانەوەی میوە و سەوزە، شێوەی (١).

**خشتەی (٤)**

**دابەشبوونی جۆری بۆ ژمارەی پیشەسازی خۆراكی مامناوەند و گەورەكان لەپارێزگای سلێمانی ٢٠٢٤**

| ژ | جۆری پیشەسازیەكە | ژمارەی پیشەسازی مام ناوەند | % | ژمارەی پیشەسازی گەورە | % | كۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هارینی دانەوێڵە و هاوشێوەكانی | ١٠ | ٢٢ .٧٣ | ١ | ٤ .٧٦ | ١١ | ١٦ .٩٢ |
| ٢ | ئاوی كانزایی | ٦ | ١٣ .٦٤ | ٤ | ١٩ .٠٤ | ١٠ | ١٥ .٣٨ |
| ٣ | بەرهەم هێنانی جبس | ٧ | ١٥ .٩١ | ٢ | ٩ .٥٣ | ٩ | ١٣ .٨٤ |
| ٤ | بەرهەمەكانی شیر | ٣ | ٦ .٨٣ | ٢ | ٩ .٥٣ | ٥ | ٧ .٦٩ |
| ٥ | تێكەلكردن و دروستكردنی خواردنەوە كحولیەكان | ٢ | ٤ .٥٤ | ٣ | ١٤ .٢٩ | ٥ | ٧ .٦٩ |
| ٦ | جگەرە | ٢ | ٤ .٥٤ | ٣ | ١٤ .٢٩ | ٥ | ٧ .٦٩ |
| ٧ | بەرهەمهێنانی خواردنەوە فرێشەكان(شەربەت) | ٣ | ٦ .٨٢ | ١ | ٤ .٧٦ | ٤ | ٦ .١٥ |
| ٨ | ئالیكی ئاژەل | ٤ | ٩ .١٠ | ٠ | ٠ | ٤ | ٦ .١٥ |
| ٩ | بسكیت و بەرهەمە شیرینیەكان | ٢ | ٤ .٥٤ | ١ | ٤ .٧٦ | ٣ | ٤ .٦١ |
| ١٠ | شەكر و چاككردنی شەكر | ١ | ٢ .٢٧ | ١ | ٤ .٧٦ | ٢ | ٣ .٠٧ |
| ١١ | بەرهەم هێنان و پێچانەوەی خۆێ | ٢ | ٤ .٥٤ | ٠ | ٠ | ٢ | ٣ .٠٧ |
| ١٢ | رۆنی ئاژەلی و گیایی | ١ | ٢ .٢٧ | ٠ | ٠ | ١ | ١ .٥٤ |
| ١٣ | پێچانەوەی میوە و سەوزە | ١ | ٢ .٢٧ | ٠ | ٠ | ١ | ١ .٥٤ |
| ١٤ | پاراستنی خۆراك | ٠ | ٠ | ١ | ٤ .٧٦ | ١ | ١ .٥٤ |
| ١٥ | شعریە | ٠ | ٠ | ١ | ٤ .٧٦ | ١ | ١ .٥٤ |
| ١٦ | ساردەمەنی | ٠ | ٠ | ١ | ٤ .٧٦ | ١ | ١ .٥٤ |
| | كۆی گشتی | ٤٤ | ١٠٠ | ٢١ | ١٠٠ | ٦٥ | ١٠٠ |

سەرچاوە : كاری توێژەر پشت بەست داتاكانی بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی ئاماری كاتونی دووەمی ٢٠٢٤ و یەكیەتی پیشەیازیەكانی كوردستان لقی سلێمانی،داتای ئاماری پیشەسازیەكان 2024 . كاری مەیدانی توێژەر لە ٢٠٢٤/٣/١٠ – ٢٥-٦- ٢٠٢٤.

بەهەمان شێوە ئەم رێژەیە جیاوازە لە پیشەسازیە گەورەكان ، بەرزترین رێژە بۆ جۆری پیشەسازی ئاوی كانزاییە بە رێژەی ٠٤ .١٩% ی كۆی جۆری پیشەسازیە خۆراكیە گەورەكان، دوای ئەو جۆری پیشەسازی تێكەلكردن و دروستكردنی خواردنەوە كحولیەكان و جگەرە بە بەرێژەی٢٩ .١٤% ی كۆی جۆری پیشەسازیە خۆراكیە گەورەكان، بە پلە سێیەم پیشەسازیەكانی بەرهەم هێنانی جبس ، بەرهەمەكانی شیر بە رێژەی ٥٣ .٩% ی كۆی جۆری پیشەسازیە خۆراكیە گەورەكان، پیشەسازیە خۆراكیە گەورەكانی تر بە یەك پیشەسازی رێژەی ٧٦ .٤% ی كۆی پیشەسازیە خۆراكیە گەورەكانیان گرتووە، شێوەی (١).

**شێوەی (١)**

**دابەشبوونی جۆری بۆ ژمارەی پیشەسازی خۆراكی مامناوەند و گەورەكان لەپارێزگای سلێمانی ٢٠٢٤**




سەرچاوە : پشت بەست بە خشتەی (٤) .

لە خشتەی(٥)بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە سەنگی ژمارەی دەستیكارلە جۆرەكانی پیشەسازی وەك یەك نیە لەكۆی دەستیكاری ناو جۆرەكانی پیشەسازی خۆراكیە مامناوەند و گەورەكان، ئەگەر ورد بینەوە لەكۆی ژمارەی دەستیكاری نێو جۆۆەكانی پیشەسازی مامناوەند و گەورەكان دەبینین كە یەكەم جۆر خواردنەوە گازیەكان و ئاوی كانزاییە كە رێژەی ٨٨ .٢٢% ی كۆی دەستیكاری جۆرەكانی پیشەسازیە خۆراكیە مامناوەند و گەورەكانی گرتووە بە ٥٠٧ دەستیكار لە جۆرەكانی پیشەسازی خۆراكی، دوای ئەو جۆری پیشەسازی خۆراكی بەرهەم هێنانی جبس دێت بە ٩٧ .١٥% ی كۆی دەستیكار لەجۆرەكانی پیشەسازیە خۆراكیە مامناوەند و گەورەكان بە ٣٥٤ دەستیكار لە جۆرەكانی پیشەسازی خۆراكی ، بە پلەی سێیەم هارینی دانەوێڵە و هاوشێوەكانی دێت بە رێژەی٤٤ .١٣% ی كۆی دەستیكار لەجۆرەكانی پیشەسازیە خۆراكیە مامناوەند و گەورەكان، دەستیكار لە جۆرەكانی پیشەسازیە خۆرامیەكان رێژەكەیان كەمترە لە ٩% و كەمترین رێژەش لە جۆری پیشەسازی خۆراكی پێچانەوەی سەوزەیە بە ١٤ دەستیكار ٦٣. ٠ % ی كۆی دەستیكاری بەركەوتووە.

**خشتەی (٥)**

**دابەشبوونی جۆری بۆ ژمارەی دەستیكاری پیشەسازی خۆراكی مامناوەند و گەورەكان لەپارێزگای سلێمانی ٢٠٢٤**

| ژ | جۆری پیشەسازیەكە | دەستیكارلە پیشەسازیە مامناوەندەكاندا | % | دەستیكارلە پیشەسازیە گەورەكاندا | % | كۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرهەمەكانی شیر | ٥٧ | ٧. ٨٧ | ١٠٠ | ٦. ٧١ | ١٥٧ | ٧. ٠٨ |
| ٢ | پێچانەوەی میوە و سەوزە | ١٤ | ١ .٩٣ | ٠ | ٠ | ١٤ | ٠. ٦٣ |
| ٣ | پاراستنی خۆراك | ٠ | ٠ | ٦٥ | ٤. ٣٦ | ٦٥ | ٢. ٩٣ |
| ٤ | رۆنی ئاژەلی و گیایی | ٢٨ | ٣. ٨٧ | ٠ | ٠ | ٢٨ | ١. ٢٧ |
| ٥ | هارینی دانەوێڵە و هاوشێوەكانی | ١٥٨ | ٨٠ ٢١. | ١٤٠ | ٩. ٣٩ | ٢٩٨ | ١٣. ٤٤ |
| ٦ | بەرهەم هێنانی جبس | ١١٢ | ٤٥ ١٥. | ٢٤٢ | ١٦. ٢٢ | ٣٥٤ | ١٥. ٩٧ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | شەکر و چاککردنی شەکر | ١١ | ١. ٥٢ | ٣٢ | ٢. ١٤ | ٤٣ | ١. ٩٤ |
| ٨ | بسکیت و بەرهەمە شیرینیەکان | ٢٦ | ٣. ٥٧ | ٥٠ | ٣. ٣٦ | ٧٦ | ٣. ٤٢ |
| ٩ | شعریە | ٠ | ٠ | ٤١ | ٢. ٧٤ | ٤١ | ١. ٨٥ |
| ١٠ | خۆراکی ئاژەل | ٨٦ | ٨٦ ١١. | ٠ | ٠ | ٨٦ | ٣. ٨٩ |
| ١١ | تێکەلکردن و دروستکردنی خواردنەوە کحولیەکان | ٢٤ | ٣. ٣١ | ١٣٨ | ٩ . ٢٥ | ١٦٢ | ٧. ٣٠ |
| ١٢ | ساردەمەنی | ٠ | ٠ | ٨٠ | ٥. ٣٦ | ٨٠ | ٣. ٦٠ |
| ١٣ | خواردنەوە گازیەکان و ئاوی کانزایی | ٨٧ | ١٢ | ٤٢٠ | ٢٨. ١٥ | ٥٠٧ | **٢٢. ٨٨** |
| ١٤ | جگەرە | ٤٧ | ٦. ٤٨ | ١٤٣ | ٩. ٥٨ | ١٩٠ | ٨. ٥٧ |
| ١٥ | بەرهەم هێنان و پێچانەوەی خوێ | ٢٧ | ٣. ٧٢ | ٠ | ٠ | ٢٧ | ١. ٢٢ |
| ١٦ | بەرهەمهێنانی خواردنەوەی فرێشەکان(شەربەت) | ٤٨ | ٦. ٦٢ | ٤١ | ٢. ٧٤ | ٨٩ | ٤. ٠١ |
| | کۆی گشتی | ٧٢٥ | ١٠٠ | ١٤٩٢ | ١٠٠ | ٢٢١٧ | ١٠٠ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست داتاکانی بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی ئاماری کاتونی دووەمی ٢٠٢٤ و کاری مەیدانی توێژەر لە ٢٠٢٤/٣/١٠ – ٢٥-٦-٢٠٢٤ .

لە هەمان خشتە ئەگەر ورد جۆری پیشەسازیە مامناوەند و گەورەکان جیا بکەینەوە دەبینین دەستیکار جیاوازە تیایاندا، لە پیشەسازیە مامناوەندەکاندا بەرزترین رێژە بۆ جۆری پیشەسازی خۆراکی هارینی دانەوێلەیە کە بە٨٠ .٢١% ی کۆی دەستیکارە لەجۆرەکانی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، دوای ئەو جۆری پیشەسازی خۆراکی بەرهەمهێنانی جبس دێت بە بەرێژەی٤٥ .١٥% ی کۆی دەستیکار لە جۆرەکانی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، بە پلە سێیەم بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی بە رێژەی ١٢% ی دەستیکار لە کۆی جۆرەکانی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، بە پلەی چوار پیشەسازی بەرهەمهێنانی خۆراکی ئاژەل(ئالیك) بەرێژەی ٨٦ .١١% ی دەستیکارە لە کۆی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان، و دەستیکار لە جۆرەکانی پیشەسازی تر رێژەکەیان لە کۆی دەستیکاری پیشەسازیە مامناوەندەکان کەمترلە ٨% و کەمترین رێژەش لە جۆری پیشەسازی خۆراکی پێچانەوەی سەوزەیە بە ١٤ دەستیکار ٦٣. ٠ % ی کۆی دەستیکاری بەرکەوتووە و هەرسێ جۆرەی پیشەسازی خۆراکی پاراستنی خۆراك ، دروست کردنی ساردەمەنی ، پاراستنی خۆراك پیشەسازی مامناوەندی نیە واتە دەستیکاری نیە،شێوەی(٢)

بە وردبوونەوە لە دەستیکار لەجۆرەکانی پیشەسازیە گەورەکان دەبینین کە بەرزترین رێژە بۆ جۆری پیشەسازی ئاوی کانزاییە بە رێژەی ١٥ .٢٨% ی دەستیکار لە کۆی جۆرەکانی پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان، دوای ئەو دەستیکار لەجۆرەکانی پیشەسازی بەرهەم هێنانی جبس دا دەبینیرێت بە ٢٦ .١٦% ی کۆی دەستیکاری جۆرەکانی پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان، و دەستیکار لە جۆرەکانی پیشەسازیەکان رێژەکەیان لە کۆی دەستیکاری پیشەسازیە گەورەکان کەمترە لە ١٠% و هەرچوار جۆرەی پیشەسازی خۆراکی پێچانەوەی میوە و سەوزە ، رۆنی ئاژەلی و گیایی ، خۆراکی ئاژەل ، بەرهەم هێنان و پێچانەوەی خوێ هیچ پیشەساوزیەکی گەورەی نیە واتە دەستیکاری نیە، شێوەی (٢).

**شێوەی (٢)**

**دابەشبوونی جۆری بۆ ژمارەی دەستیکاری پیشەسازی خۆراکی مامناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی ٢٠٢٤**




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست داتاکانی خشتەی (5)

## تەوەری سێیەم:

## بەکارهێنانی پێوەرە چەندیەتیەکان بۆ دەست نیشان کردنی پەیکەری شوێنی بۆ پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی

ئاکارەکانی شیکاری ئاماری و چەندیەتی ( Quantitative Approach – طرق الاحصائية) رێگەیەک و ئاکاریکی باش و نوێیەی زانستیە لە نووسینی توێژینەوە لە ئێستەدا ، وای لێهاتووە کە هیچ توێژینەوەیەک بێ بەکارهێنانی رێگەیەکی ئاماری شیکاری ناتوانیت بنچینەی گرفتەکە بەسەلمێنراوی بخاتەروو(أبوراضي ، ٢٠٠٠ ، ص١٥).

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە شیکاری ئاماری هاوکێشەی شوێن ( Coefficient Location Quotient ) ئەم پێوەرەش بەکار دێت بۆ پێوانی چەندیەتی جێگیربوونی چالاکی پیشەسازی یاخود جۆرێک لە جۆرەکانی پیشەسازی لە هەرێمێک یان وڵاتیک ، ئاوش لەسەر بنچینەی ژمارەیی دەستیکار لە هەرێمێک یان وڵاتیک بەبەراورد بە ژمارەیی دەستیکار لە هەرێمەکە یاخود وڵاتەکە ، پشت بەست ئەم هاوکێشەیەیە :

$$L.Q = \frac{Eir / Er}{Ein / En}$$

L.Q = هاوکێشەی شوێن

Eir = ژمارەیی دەستیکار لەبەشە پیشەسازیاکە لەو هەرێمە

Er = کۆی ژمارەیی دەستیکار لە هەرێمەکە .

Ein = ژمارەیی دەستیکار لەو پیشەسازیە لەوڵات

En = کۆی ژمارەیی دەستیکار لەهەموو پیشەسازیەکانی وڵات

واتە :

ژمارەیی دەستیکار لە پیشەسازیەک لە قەزایاک / کۆی ژمارەیی دەستیکار لەو پیشەسازیە لە پارێزگاکە

هاوکێشەی شوێن = ------------------------------------------------------------

کۆی ژمارەیی دەستیکار لە پیشەسازیەکانی قەزاکە/کۆی ژمارەیی دەستیکارلەهەموو پیشەسازیەکانی پارێزگاکە

دەرئەنجامی ئەم هاوکێشەیە ئەگەر زیاتر بوو (١) ئەوا مانای وایە کە ئەو پیشەسازیە لەو شوێنە دا جێگیرە و بوونی هەیە ودوە ئەگەر کەمتر بوو لە (١) ژمارەی تەواو ئەوا ئەو پیشەسازیە جێگیر نیە و ئامادەیی ئابوری نیە ەی ئەگەر (١) بوو ئەوا ئاسایی ووجودی هەیە بەلام کاریگەری ئابوری نیە (عوده ، المسعودي، ٢٠٠٦، ٢٨)

بۆ جیبەجبکردنی ئەم هاوکێشەیە لەسەر پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی توێژەر پشتی بەشتووە بە داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی و دراسە مەیدانی خۆی گەران و مرگرتنی داتا راستەوخۆ لە خاوەن کارگەکانەوە بۆیە تونیکان داتاکان لە خشتەی (٦) داتاکانی ژمارەی دەستیکار لە پیشەسازیە مامناوەندیەکان و خشتەی (٧) داتاکانی ژمارەی دەستی کار لە پیشەسازیە گەورەکان .نەخشەی (٦ ) و (٧) .

**خشتەی (٦)**

**دابەش بوونی ژمارەیی دەستیکار لە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەندەکان لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی ٢٠٢٤**

| ژ | شوێن | خۆراکی | جلوبەرگ | فلزی ونافلزی کیماویەکان | کاغەز | دارتاشی | بیناسازی | کانزای سەرەکی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەری پارێزگا | ٤٢٤ | ٠ | ٨١٢ | ٩٣ | ١٧٥ | ٥٤٣ | ١١٠ | ٢١٥٧ |
| ٢ | بازیان | ٧٩ | ٠ | ١٢٣ | ٠ | ٠ | ١٣٩ | ٢٥ | ٣٦٦ |
| ٣ | رانیە | ١٣٥ | ٠ | ١٢٨ | ١٤ | ١٧ | ١٢٥ | ١١ | ٤٣٠ |
| ٤ | دوکان | ٣٩ | ١٤ | ٣٧ | ٠ | ٠ | ٤٧ | ٠ | ١٣٧ |
| ٥ | ماوەت | ٢٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢٠ |
| ٦ | دەربەندیخان | ٠ | ٠ | ١٠ | ٠ | ٠ | ٥٢ | ٠ | ٦٢ |
| ٧ | سیدصادق | ١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢١ | ٠ | ٣٥ |
| ٨ | شارەزوور | ١٤ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٤ |
| کۆی گشتی | | ٧٢٥ | ٤٤ | ١١١٠ | ١١٩ | ١٩٢ | ٩٧٠ | ١٤٦ | ٣٣٠٦ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بە: بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە ٢٠٢٤ . سەردانی مەیدانی توێژەر ٢٠٢٤ وەرگرتنی داتا .

**خشتەی (٧)**

**دابەش بوونی ژمارەیی دەستیکار لە پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی ٢٠٢٤**

| ژ | شوێن | خۆراکی | فلزی ونافلزی کیماویەکان | کاغەز | دارتاشی | بیناسازی | کانزای سەرەکی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەری پارێزگا | ٨٧٨ | ١٤٢٦ | ٣١ | ٦٧ | ٦٨٧ | ٢٨٢ | ٣٣٧١ |
| ٢ | بازیان | ٤٢٥ | ٥٨٦ | ٠ | ٠ | ٢٧٧١ | ٠ | ٣٧٨٢ |
| ٣ | رانیە | ٣٢ | ١٢٥ | ٠ | ٠ | ٦٥ | ٠ | ٢٢٢ |
| ٤ | دوکان | ٣٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٣٢ |
| ٥ | ماوەت | ٤٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٤٠ |
| ٦ | دەربەندیخان | ٨٥ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٨٥ |
| کۆی گشتی | | ١٤٩٢ | ٢١٣٧ | ٣١ | ٦٧ | ٣٥٢٣ | ٢٨٢ | ٧٥٣٢ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بە: بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی بەشی ئامار، ئاماری بڵاونەکراوە ٢٠٢٤ . سەردانی مەیدانی توێژەر ٢٠٢٤ وەرگرتنی داتا .

دەرئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەکە بۆ پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە خشتەی (٨)دا خستومانەتە ڕوو .

**خشتەی(٨)**

**دەرئەنجامی اوکێشەی جێگیربوون بۆ پیشەسازیە خۆراکیەکان لە پارێزگای سلێمانی**

| ژ | شوێن | پیشەسازیە مامناوەندەکان | پیشەسازیە گەورەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | سەنتەری پارێزگا | ٠,٨٩٥ | ١,٣١٥ |
| ٢ | بازیان | ٠,٩٨ | ٠,٥٦٥ |
| ٣ | رانیە | ١,٤٣٠ | ٠,٧٢٤ |
| ٤ | دوکان | ١,٢٩٢ | ٢,٢٥ |
| ٥ | ماوەت | ٤,٥ | ٥,٢ |
| ٦ | دەربەندیخان | ٠ | ٥,٠٩ |
| ٧ | سیدصادق | ١,٩ | نیەتی |
| ٨ | شارەزوور | ٤,٧٥ | نیەتی |

سەرچاوە : پشت بەست بە خشتەی (٦ و ٧) و هاوکێشەی جێگیربوون .

بۆ باشتر دەرخستنی دەرئەنجامی بەکارهێنانی هاوکێشەی جێگیربوون کە لە خشتەی (٨) خراوەتەڕوو کە لە خشتەی (9) دا بە هێیا باشتر دەرخراوە

**خشتەی (9)**

**دەست نیشانکردنی ئاستی جێگیربوون و جێرگرنەبوونی پیشەسازی لە پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی**

| ژ | شوێن | پیشەسازی مامناوەند | | | پیشەسازی گەورە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | جێگیربوونی بەرز | جێگیرە | جێگیرنیە | جێگیربوونی بەرز | جێگیرە | جێگیرنیە |
| ١ | سەنتەری پارێزگا | | | X | / | | |
| ٢ | بازیان | | | X | | | X |
| ٣ | رانیە | / | | | | | X |
| ٤ | دوکان | / | | | / | | |
| ٥ | ماوەت | / | | | / | | |
| ٦ | دەربەندیخان | X | | | / | | |
| ٧ | سیدصادق | / | | | | | X |
| ٨ | شارەزوور | / | | | | | X |

سەرچاوە: پشت بەست بە دەرئەنجامەکانی خشتەی (٨).

لە ووردبوونەوە لە خشتەی (٩) بۆمان دەردەرکەوێت کە لەهەریەکە لە قەزاکانی ڕانیە و دووکان و ماوەت و سید صادق و شارەزوور پیشەسازی خۆراکی مامناوەند جێگیرە بەرێژەیەکی بەرز، لەهەموویان بەزتر لە جێگیربوون قەزای شارەزوورە کەتەنها یەك پیشەسازی خۆراکی مامناوەندی لێیە و ئەویش 14 کرێکاری هەیە، هەریەکە لە قەزاکانی بازیان و سەنتەری پارێزگای سلێمانی ئەم پیشەسازیەی لێ جێگیرنیە و قەزاکانی تر(دەربەندیخان ، شاربازێر و پشدەر و قەرەداغ ) پیشەسازی خۆراکیی مامناوەندی لێ جێگیرە .

هەرچی پیشەسازیە گەورەکانە ئەوا تەنها لە قەزاکانی بازیان و رانیە جێگیر نیە، لە قەزاکانی سەنتەر و دووکان و ماوەت دەربەندیخان بەرێژەیەکی زۆر پیشەسازی خۆراکی قەبارە گەورەی لێ جێگیرە ، هەرچی قەزاکانی سیدصادق ، شارەزوور ، دەربەندیخان، شاربازێر و پشدەر و قەرەداغ پیشەسازی لێ نیە.

کەواتە بەپێی ئەو هاوکێشەیە هەریەکە لە قەزاکانی ڕانیە دووکان (بەتایەتی شارۆچکەی پیرەمەگروون) ماوەت و سیدصادق و شارەزوور مەڵبەندی ئەم پیشەسازیەن ئەمەش هۆکارەگەلێك هەیە بۆ ئەمە کە لەناو جۆرەکانی تری پیشەسازی ئەم پیشەسازیە زۆرترین کرێکاری لە خۆ گرتووە لەو قەزایانە ، ئەو قەزایانەش کە پیشەسازی خۆرکی تێدا جێگیر نیە ڕابمێنین ئایا بۆ جێگیر نیە و هۆکارەکەی چیە کە دەکرێت کارگێری حکومەت و ئیدارە خۆجێیەکانی ئەو ناوچانە کار لەسەر ئەم دەرئەنجامانە بکەن و گرنگی پێبدەن و پلانی داهاتوویان لەسەر ئەمەبێت.

بەهەمان شێوە بۆ پیشەسازیە گەورەکان کە تەنها لە قەزاکانی سەنتەر و دووکان و ماوەت و دەربەندیخان جێگیرن.

## تەوەری چوارەم:
## دەرەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە :

### یەکەم : دەرەنجامەکانی توەێژینەوە

1- کۆی پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان لە پارێزگا(٦٥) پیشەسازي خۆراکیە کە ( پیشەسازی قەبارە گەورە : ئەو پیشەسازیانە دەگرێتەوە کە ژمارەی دەستی کار زیاترە لە (٣٠) زیاترە) تەنها ڕێژەی ٣٢.٣٠% ی ئەم ژمارەیەیە بە (٢١) پیشەسازی خۆراکی گەورەیە ، و پیشەسازی قەبارە ماماناوەند (ئەو پیشەسازییانە دەگرێتەوە کە دەستیکاری لەنێوان (١١-٢٩) دایە) 67.70% پیشەسازی ماماناوەندە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پیشەسازیە خۆراکیە ماماناوەندەکان زۆرترن لە پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان لەڕووی ژمارەوە، ژمارەی دەستی کار تیایاندا (٢٢١٧) کە ڕێژەی58.73 % ی ئەم ژمارەیە لە سەنتەری پارێزگایە بە (1302) پیشەسازی خۆراکی ئە م پارێزگایە، کەمترینیش لە قەزاکانی سیدصادق و شارەزوور بەرێژەی٦٣ .٠% بۆ هەریەکەیان، کۆی سەرمایەی وەبەرهێن لەم پیشەسازیانە(٢٢٧٧٨٦٢٧٥) ملیۆن دیناری عێراقیە، ڕێژەی(٨٣ .٦٦%) ی ئەم ژمارەیە لە قەزای بازیانە ئەمەش لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری پیشەسازی گەورە ی تێدایە، کەمترین ڕێژە لە قەزای سیدصادقە(١٣%.٠)لەکۆی گشتی سەرمایەی وەبەرهێن .

2- پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەندەکان ژمارەیان ٤٤ پیشەسازیە زۆرترینی لە سەنتەری پارێزگاکەیە بە ڕێژەی(٨١ .٥٦%) بە (٢٥) پیشەسازی خۆراکی ماماناوەند، و کەمترین ڕێژەش لە قەزاکانی سیدصادق و شارەزوور و ماوەت بە2.7% بۆ هەریەکەیان ، ژمارەی دەستیکار تیایاندا ٧٢٥ کە زۆرترین دەستیکار لە سەنتەری پارێزگاکەیە بە ڕێژەی٤٨ .٥٨% ، کەمترین ڕێژە لە قەزای سیدصادق و شارەزوور بە٩٣ .١% وەك یەك ، سەرمایەی وەبەرهێنی (٢٧٠٠٢٧٢٩) ملیۆن دیناری عێراقیە، زۆرترین ڕێژەی ئەم سەرمایەیە لەسەنتەری پارێزگاکەیە(١٨ .٦٣%)ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنی پیشەسازیە خۆراکیە ماماناوەندەکانە، بەپلەی دووەم قەزای ڕانیە دێت بە (٦٧ .١٨%)ی کۆی سەرمایەی وەبەرهێنی پیشەسازیە خۆراکیە ماماناوەندەکان، کەمترین سەرمایەش لەقەزاکانی دوکان و سیدصادق بەرێژەی 71 ،1% و ٠٤ .١% دوا بەدوای یەك.

3- پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان ژمارەیان ٢١ پیشەسازیە زۆرترینی لە سەنتەری پارێزگاکەیە بە ڕێژەی٥٧،١٥% ی بە (١٢) پیشەسازی خۆراکی گەورە، قەزاکانی ڕانیە ماوەت دووکان دەربەندیخان بە یەك پیشەسازیی گەورە ڕێژەی (٤ .٧٦%)ی کۆی پیشەسازیایە خۆراکیە گەورەکانیان وەرگرتووە،و قەزاکانی تر هیچ پیشەسازیەکی گەورەی لینیە، کۆی دەستیکاری لەم پیشەسازیانەدا ١٤٩٢ ، سەنتەری پارێزگا کە زۆرترین دەستیکاری لێیە بە ڕێژەی ٥٨،٨٥% ، کەمترینیش لە قەزاکانی ڕانیە و دووکان بەرێژەی٢،١٤% بۆ هەریەکەیان، ەی سەرمایەی ئەم پیشەسازیە خۆراکیە گەورانە(٢٠٠٧٨٣٥٤٦)ملیۆن دیناری عێراقیە، زۆرترین ڕێژەی سەرمایەی وەبەرهێنی پیشەسازیە خۆراکیە گەورەکان لەقەزای بازیانە بەرێژەی(٤٤ .٧٤%)، هەرچی قەزاکانی ترە ئەوا ڕێژەیان کەمترە لە ٥ .٠% و هەردوو قەزای سید صادق و شارەزووریش هیچ جۆرە پیشەسازی گەورەیان تێدا دانەمەزراوە.

4- بۆ خستنەڕووی پێکهاتەی جۆری پیشەسازیە خۆراکیە مام ناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی توێژەر پشتی بە پۆلێنی نێودەوڵەتی بۆ هەموو چالاکیە ئابوریەکان (ISIC) بەستووە، کە بە پێی ئەم پۆلێنە پیشەسازیە خۆراکی ماماناوەند 13 جۆری پیشەسازیە زۆرترین ژمارەی پیشەسازی بۆ جۆری پیشەسازی خۆراکی هاڕینی دانەوێڵەیە بە 10 پیشەسازی ، کەمترین یەك پیشەسازیە بۆ جۆرەکانی پیشەسازی خۆراکیەکانی شەکر و چاککردنی شەکر ، ڕۆنی ئاژەلی و گیایی ، پێچانەوەی میوە و سەوزە، ژمارەی دەستیکاری 725 کرێکارە کە زۆرترینی لە هاڕینی دانەوێڵەدایە(158 دەستیکار)و کەمترینیش لە پیشەسازی شەکردایە(11دەستیکار) لە پیشەسازیە گەورەکان دا کە 12 جۆر پیشەسازین زۆرترین ژمارەی پیشەسازی لە جۆری پیشەسازی ئاوی کانزاییدایە بە 4 پیشەسازی ، زۆبەی جۆرەکانی تری پیشەسازیەکان تەنها یەك پیشەسازیان هەیە ، کۆی ژمارەی دەستیکاری 1492 دەستیکارە کە زۆرتینی لە پیشەسازیەکانی ئاوی کانزاییدایە بە 430 دەستیکار ، کەمترینیش لە چاککردنی شەکردایە بە 32 دەستیکار .

5- لە ئەنجامی بەکارهێنانی پێوەرە چەندیەتیەکان بۆ دەست نیشان کردنی پەیکەری شوێنی بۆ پیشەسازیە خۆراکیە ماماناوەند و گەورەکان لە پارێزگای سلێمانی پشت بەستراوە بە بە شیکاری ئاماری هاوکێشەی شوێن Coefficient ) Location Quotientکەبەسەر ژمارەیی دەستیکار جێبەجێکراوە و دەردەرکەوتووە کە لەهەریەکە لە قەزاکانی ڕانیە و دووکان و ماوەت و سید صادق و شارەزوورە، لەهەموویان بەزتر لە جێگیربوون قەزای شارەزوورە، هەریەکە لە قەزاکانی بازیان و سەنتەری پارێزگای سلێمانی ئەم پیشەسازیەی لێ جێگیرنیە و قەزاکانی تر(دەربەندیخان ، شارباژێر و پشدەر و قەرەداغ ) پیشەسازی خۆراکیی ماماناوەندی لێ جێگیرە ، وە لە پیشەسازیە گەورەکانە تەنها لە قەزاکانی بازیان و ڕانیە جێگیر نیە، لە قەزاکانی سەنتەر و دووکان و ماوەت دەربەندیخان بەرێژەیەکی زۆر پیشەسازی خۆراکی قەبارە گەورەی لێ جێگیرە ، هەرچی قەزاکانی سیدصادق ، شارەزوور ، دەربەندیخان ، شارباژێر و پشدەر و قەرەداغ پیشەسازی لێ نیە

### دووەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

دوا بەدوای ووردبوونەوەی زانستی لە تەواوی داتاو زانیایە بەدەست هاتووەکان شیکاری و دەرئەنجام دەرهێنانەکان توێژەر ئەم چەند پێشنیارە دەخاتە ڕوو :

1- توێژەرانی بواری زانستی جوگرافی کار لەسەر دەرخستنی تواناستە جوگرافیەکانی بەرهەمهێنانی بەبووبوومە کشتوکاڵیەکانی پیشەسازیە خۆراکیەکان بکەن لە هەریەکە لەو قەزایانەی کە هیچ پیشەسازیەکیان لێجێگیر نەبووە، تا

لەداهاتوودا بەپێی ئەو توانستانە کار لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو بەروبومانەی بکرێت کە توانای بەهەمهێنانیان هەیە لەو قەزایانە و دەبنە هۆی جێگیر بوونی پیشەسازی خۆراکی.

2- ئیدارە خۆجێیەکانی ئەو قەزایانە چاو بخشێنەوە بە پلانی چاندن و هەولی ئەوە بدەن کە ئەو قەروبوکانە بچێنن کە دەبنە هۆی راکێشانی پیشەسازیە خۆراکیە مامناوەند و گەورەکان کە گرفتی دەستی کار و سستی بازاری ناهێلێت .

3- ئەو قەزایانەی کە پیشەسازی خۆراکی لێجێگیرە کاری لەسەر بکرێت بە پلان و هاوکاری مادی مەعنوی بۆ ئەوەی بری بەرهەم زیاد بکەن و ببێتە هۆی ئەوەی بەتەواوەنی ئەو قەزایانە ئێستی بژێویان بەبز بێتەوە گرفتی کۆچ بۆ شارە گەورەکان کەمبێتەوە و هەولی هاودەرکردنی بۆ دەرەوەشی بدرێت .

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردیەکان

**دەزگاکانی حکومەت :**

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ، پارێزگاری سلێمانی ، هۆبەی هونەری ٢٠٢٤.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەریوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی وبازرگانی سلێمانی داتای پیشەسازیەکان ٢٠٢٤ .

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەریوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ، داتای ئاماری پیشەسازیەکان ٢٠٢٤.

بەکێتی پیشەیازیەکانی کوردستان لقی سلێمانی ، داتای ئاماری پیشەسازیەکان ٢٠٢٤.

**الکتب العربیه :**

ابراهیم شریف , احمد حبیب رسول , السید نعمان دهش(١٩٨١) , الجغرافیة الصناعیة ، دار الکتب للطباعة و النشر , جامعة الموصل.

حنین اکرم یاسین الالوسي (٢٠٢٠), التحلییل الجغرافي للصناعات الصغیرة غي محافظة الرمادی ، دار الابن الاثیر ـ جامعة الموصل.

فتحي عبدالعزیز أبوراضي(٢٠٠٠) ، الاسالیب الکمیة في الجغرافیة، دار المعرفة الجامعیة الاسکندریة.

ماهر حسن معروف و ایهاب مقابله(٢٠٠٦)، مشروعات الصغیرة والمتوسطة و أهمیتها و معوقاتها، مرکز منشأت الصغیرة، الأردن.

**الرسائل الماجستیر و الاطاریع :**

ریاض محمد علی عودة ، دهش المسعودي(٢٠٢٠)، صناعة المواد البناء والتشیید (کبیرة الحجم) في محافظة کربلاء للمدة (١٩٩٦-٢٠٠٤) رسالة دکتورا ، عیر منشورة ،جامعة بغداد کلیة التربیة ( ابن رشد).

ریاض محمد علی العودة دهش المسعودی ، صناعة المواد البناء والتشیید (کبیرة الحجم)في محافظة کربلاء لمدة من١٩٩٦-٢٠٠٤ م راسلة دکتورا , غیر منشورة , حامعة بغداد کلیة التربیة (ابن رشد) ٢٠٠٦م .

حنین اکرم یاسین الألوسي،( ٢٠٠٦) التحلیل الجغرافي للصناعات الصغیرة في منطقة الرمادي , رسالة ماجستیر غیر منشورة , کلیة التربیة جامعة دیالی .

محمد شکر محمود (2010) الصناعات الإنشائیة في محافظة السلیمانیة , رسالة دکتورا , غیر منشورة , کلیة الاداب , جامعة بغداد

**المدجلات العلمیة**

مي ثامر رجب (2022) , التباین المکانی للصناعات الکبیرة الحجم في محافظة دیالی لعام 2019 ، مجلة الاستاذ للعلوم الانسانیة و الاجتماعیة , مجلد (61) العدد (2) لسنة 2022 م 1443 هـ .

حمد یوسف حاجم ، احلام نوری منشید(٢٠١٥) توزیع الصناعات الغذائیة الکبیرة الحجم فی محافظة صلاح الدین-دراسة في الجغرافیة الصناعیة-مجلة دیالی العدد السادس و الستون.

احمد جلیل ،کامران طاهر (٢٠١٤) تحلیل الدغرافي لواقع الصناعات التحویلیة في اقلیم کوردستان العراق ، مجلة کلیة الاداب جامعة الاسکندریة عدد الثانی ، جمهویة المصر العربیة .